ئەم بەهرەمەندە سەبارەت بە کارو چالاکیەکانی خۆی دەدوێ

ڕۆژی گەل: پێمان خۆشە خوێنەرانمان لە زمانی خۆتەوە بتناسن

و : من ناوم تریفە ناسر(سادقی)ە، ساڵی١٩٩٦ لەشاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووم.هەتا پۆلی سێی سەرەتای لە بۆکان بووم و ساڵی ٢٠٠٥ بە بنەماڵەوە هاتین بۆ باشووری کوردستان.

پ : لە چەند ساڵیەوە کاری ئەدەبیت دەست پێکردووە؟

و : لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە کاری ئەدەبیم بە نووسینی شێعر و چیرۆک دەست پێکردوە.

پ : کامیەک لە گۆڤارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمەکانتی بڵاودەکردەوە؟

و : یەکەم بەرهەمم لە حەوتوونامەی سیروان بەشی " ڕەورەوە" کە تایبەت بە مندالان بوو بڵاوکراوە. بەشێکی بەرچاو لە کارەکانم لەوێ چاپ و بڵاو بوونەتەوە، دواتریش هاوکاری خۆم لەگەڵ ئاڵەکۆک کە گۆڤارێکی مندالانەیە و لە شاری مهاباد دەردەچوو دەست پێکرد.

پ : ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبیانەی کە هەر لە سەرەتاوە هەتا ئەوڕۆ شیعر و چیرۆکت پێشکەش کردوون ؟

و : هەتا ئەو کاتەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووم لە کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبی و ئێوارە شیعر و فستیڤاڵەکانی ئەوێ چالاکیم هەبوو. تێکۆشانی بەردەوامم

لە ئەنجوومەنی ئەدەبی شاری بۆکان بوو، هەرەها لە " جەشنوارەی فەرهەنگی و هونەری کەنداوی فارسدا " بە چیرۆک و لە کێبەرکێی " ئافەرینێش " دا بە هۆنراوەو نووسین بەشداریم کردووە و پلەی باشم بەدەست هێناوە . چەندجاریش لە کەناڵی سەتەلایتی کورد کاناڵەوە بەرهەمەکانم پێشکەش کردووە.

پ : ئێستا بەرهەمەکانت لە چ کۆواریێکدا بڵاو دەکرێنەوە ؟

و : من لەگەڵ گۆڤارەکانی(هەنگ،جگەرگۆشەکان،پێشەنگی مندالان،ژینداری،دونیای منداڵان)کارم کردووە، هەروەها لە چالاکی فێرگەکان و پێشبرکێی چیرۆک نووسین بەشداریم کردووە و پلەی باشم بەدەست هێناوە.بێجگە لەوانە لە چەندین فێستیڤاڵ و بۆنەی تایبەت بە مندالان بەشدار بوومە.

پ : ئێستا بە چی خەریکی؟

و : ئێستاش لەکاری وەرگێڕان لە بواری چیرۆکی منداڵان لە فارسییەوە بۆ کوردی کاردەکەم و هەروەها لەکاری شانۆگەری لە فێستیڤاڵەکاندا چالاکیم هەیە و تێیدا بەردەوامم.

پ : لەو چیرۆکانەی کە نووسیتە یان کاری وەرگێڕانیانت کردووە، دەتوانیت ناویان بەریت؟

و : ئەو چیرۆکانەی لە فارسییەوە بۆ کوردی وەرم گێڕاون بریتین لە خزمەتکاری گوێ رایەل، فرمێسکی تیمساح، شوان و مانگەکانی ساڵ، راوچی و باڵندە و چەندین چیرۆکی تر، هەروەها چەندین چیرۆکی ترم هەیە کە ئەوان خۆم نووسیمە وەکو سێوە خنجیلانەکەم، نارین و هاوڕێکانی، کاروان کوژە، کچی شەو، گەشتێک لەسەر شۆستە و چەندین چیرۆکی دیکە.

پ : ترێ خان ئاوات و خەونی دوا ڕۆژت چییە؟

و : پێم خۆشە هەموو شێعرەکانم پێکەوە بێتە نامیلکەیەک بۆ ئەوەی مندالان زیاتر سوودی لێ وەرگرن، هەروەها پێمخۆشە ببمە پرۆفیسۆری پزیشکی بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بە نیشتمانەکەم بکەم.

پ : ترێ خان دوا وتەت چییە؟

و : داوا دەکەم زیاتر بایەخ بە منداڵان بدرێت چونکە داهاتووی نێشتمانەکەمان بە زانست و توانایی منداڵانی ئەوڕۆ بەسراوەتەوە. بۆ خۆشم داواکارم وەزارەتی ڕۆشنبیری هاوکاریم بکەن تاکو بتوانم بەرهەمێکی زیاتر بنووسم و چیرۆکەکانم وەکو نامیلکەیەک بڵاوبکەنەوە، ئەگەر بکرێت کۆمپیوتەرێکم بۆ دابین بکەن. لە کۆتایشدا زۆر سوپاس بۆ هەفتەنامەی ڕۆژی گەل کە دەرفەتی پێدام سەبارەت بە خۆم و کارەکانم بۆ خوێنەران بدوێم.

پەیامنێری ڕۆژی گەل
هەولێر

درنەواییم بەچێ ؟

دارا ئەحمەد

لەهەر بزرستانەک دەژیم
سواری شەپۆلە خێرایەکانی ئارامیی
دەبم و
خۆم پەیدا دەکەم،
شەقاوەک دوورتر لەو نێزیکاییە
لە کەنارەکانی نێزیک ڕۆشنایی دادەبەزم
تەمومژەکی چڕ
بەژنی تەمەشاکردنە نەینۆکەییەکانم
دەتەنی..
شتاقە ئەستێرەش ناجریوێنن
عاسمان بە پەراسووەکانی شەو
تەندرایە،
درنەواییم بەچێ
تازە ئەوشۆ ڕۆژهەرنایێ؛
گورەبەڕۆژەکان سووڕبخۆن..
جیهان لە سەرەمەرگە و
چاوەروانی منە گیانی بەبەربهینمەوە!
ئەمنیش بمرم هۆنراوە زندیمدەکاتەوە،
لە هەر دەرکەکی دەچمە ژۆرێ
خۆم دەبینمەوە..
لە هەر جەنگەک بەسەردەکەوم
بە قەدی ئاشتیدا دێمەخوارێ،
دیسان دەرکەک دەیێخمە سەرپشت
بەسەر سینگی شەوەکیدیدا دەکەوم؛
لە باغەکی چۆل و پڕ جێپێ
جێپێی ئاڤێستا، تەورات، ئنجیل،
قورعان، تێکڕای ئەندێشە
ژەهراوییەکان..
بۆنی هەروەشانەوەی
خۆشەویستیی و
دامەزراندنی ڕک دەکەم،
درنەواییم بەچێ و بەچ درەبدەمەوە؟!
درنەواییم بەچێ .. تازە ئەوشۆ
مانگەهەرنایێ؛
ئەڤیندداران لە ڕۆشنایی بگری.

dara@emrro.com

مێشێل لە زیندان ئازاد دەکرێ



ڕۆژی پێنج شەممە ١٠-١-٢٠٠٨ ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لە زاری بەڕێوەبەری ڕاپەراندنی بڕیارەکانی دادگەی لۆس ئەنگلس ئازاد کردنی هونەرمەند **مێشێل ڕۆدریجیزی** بڵاوکردەوە.

مێشێل لەلایەن دادگەی لۆس ئەنگلسەوە سزای شەش مانگ زیندانی بۆ بڕاوە، بەلام دوای ١٧ ڕۆژ مانەوە لە زیندان ئازاد کراو بەرەو ماڵەکەی ڕەوانە کرایەوە. هۆکاری ئازادکردنەکەشی بۆ قەڵەباڵغی زیندانەکە دەگەڕێتەوە، لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری زیندانەکە گوتەیەتی ژمارەیەک لەو کەسانەی کە سزاکەیان سووکە ئازادکراون، مێشێلیش یەکێک بووە لەوان.

ڕۆدریجیزی تەمەن ٢٩ ساڵ ئەستێرەی جیهانی هونەر، ئەکتەری زنجیرەی تەلەفزیۆنی "بزربووەکان" دوای ئەوەی حەڤدە ڕۆژ لە پشت شیشەکانی زیندان ژیانی بەسەر برد، ئازاد کرا.

جێگەی ئاماژەیە کە لەمانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧ بەهۆی ئەوەی بە مەستی ئۆتۆمبێلی لێخوڕی بوو، کەسێکی شێلابوو، بۆشی نەوەستا بوو. دادوەر سزای شەش مانگ زیندانی بۆ مێشێل دیاری کرد، ئەویش لە ڕۆژی ٦-١٢-٢٠٠٧ خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد.

جێگەی ئاماژەیە کە مێشێل لە پێشێلکردنی یاسای هاتوچۆ پێشینەی هەیە، لە مانگی ئایاری ٢٠٠٦ سزای ٦٠ ڕۆژ زیندانی بۆ بڕابووە، بەلام دوای چوارسەعات و بیست خولەک لە زیندان ئازاد کرابوو.

هونەرمەند هەژار تەمۆ دەڵێ: چارە نیە

لە ماوەی ڕابردوودا هونەرمەندی دەنگخۆش **هەژار تەمۆ** دووەمین ئەلبومی خۆی بڵاو کردەوە.

بەگوێرەی ماڵپەڕی تایبەتی هونەرمەند،، دووەمین ئەلبوم ناوی "**چارە نیە**"ی لێنراوەو وەشانی میر مۆزیک بەرهەمی هێناوە.

هەژار تەمۆ ساڵی ١٩٧٧ لە شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان لە دایک بووە، ساڵی ١٩٩٦ چۆتە ئەڵمانیا و تا ئێستا لەوێ دەژی.

جێگەی ئاماژەیە کە هونەرمەند هەژار تەمۆ ساڵی ٢٠٠٤ یەکەمین ئەلبومی خۆی لەژێر ناوی "ماچێک" بڵاوکردەوە، لەلایەن کوردستانیانەوە پێشوازی لێکرا، ئەمەش هاندەرێک بوو تا درێژە بەکاری هونەری بدات.

هونەرمەند هەژار سۆزو خۆشەوسیتی زۆری بۆ وڵاتەکەی هەیە، بەردەوام لە ئاهەنگەکاندا گۆرانی بۆخاکی نیشتمان دەچڕێ،

گۆرانیەکانی ئاخ دەردێ ئەڤین، وەرە کوردۆ، بۆ خاتری ماچێک لەیەکەمین ئەلبوم دا هەژار تەمۆیان بە لایەنگرانی هونەری کوردی ناساند، دەبێ لە دووەمی ئەلبومدا کام لە گۆرانیەکان جێگەی خۆیان بکەنەوە.

٤ شانۆگەری کوردی لە تاران نمایش دەکرێن

هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە چوار شانۆگەری کوردی کە بەرهەمی هونەرمەندانی ئوستانی کوردستان و ئیرلامن لەلایەن لیژنەی ناوبژیوانی فێستڤالی فەجرەوە ڕەزامەندیان لەسەر دراوە، لە شوێنی کراوەی کۆمەڵگەی شانۆی شاری تارانەوە نمایش دەکرێن.

هەواڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یازدە بەرهەمی خۆیان پێشکەش بە لیژنەی ناوبژیوانی فستیڤاڵی فەجر کردبوو، تەنیا سێ لەوان وەرگیراون و یەکێکیشیان بەمەرجی دەستکاری کردن ڕەزامەندی لەسەر دەدرێ.

جێگەی ئاماژەیە کە فستیڤاڵی فەجر ساڵانە بەڕێوە دەچێ، هونەرمەندانی کوردیش بە شداری تێدا دەکەن و خۆیان دەناسێنن.

بۆ کەسێکی بە ئاگا!

ڕۆژی ١-١-٢٠٠٨ کاک کەریم چۆلی پێشکەشکاری بەرنامەی **ئەلبومی ساڵ** کە لە ڕادیۆی نەوا پێشکەش دەکرا، میوانداری کردبووم، بەڕێژێک بە ناوی سەردار لە سلێمانیەوە بەتەلەفۆن بەشداری کرد، ڕاو سەرنجی خۆی دیارکرد، ڕایگەیاند کەسێکی لە سیاسەت بەئاگایە، بەلام ئاگای لە حزبی ڕزگاریی کوردستان نیە!! من بەپێویستم نەزانی لە سەکۆی **نەوا**وە کە تایبەت بوو بە ئەلبومی ساڵی ٢٠٠٧ وەلامێک بدەمەوە کە بۆنی ڕیکلامی حزبی لێبێ، بۆیە لێرەدا ئەم چەند دێڕە بۆ ئەو بەڕێزە دەنووسم:

کەسێک ئەگەر لە سیاسەت بەئاگا بێ، دەبێ زانیاری لەسەر هەموو ڕەوت و جولە سیاسیەکانی کۆمەڵگە هەبێ، چونکە ناکرێ کەسی بەئاگا ناوی حزبێک یا چەند حزبێکی نەبیستبێ کە مێژینەی تێکۆشانیان هەبووبێ و ئەویش لە ڕۆژی ڕووناکدا بە چرا بۆیان گەڕابێ و نەیدۆزیبنەوە!!

حزبی ڕزگاریی کوردستان ساڵی ١٩٩٣، واتە ١٥ ساڵ لەمەوبەر دەنگی نەڕێی بە دووجەمسەری دا، پێداگری لەسەر دیاردەی فرەحزبی کرد و درێژەی بە کاروانی ڕابردووی خۆی دا، ئەو هەڵوێستەش لە کاتی خۆیدا دەنگ و سەدایێکی زۆری دایەوە، بەلام ئەو کەسە بە ئاگایە ئاگای لێ نەبووە!!

حزبی ڕزگاریی کوردستان لە ٢١-٨-١٩٩٣ تا ٣١-٨-١٩٩٦ ڕادیۆی دەنگی ڕزگاری هەبوو، بە شاهیدی زۆرینەی خەڵک باشترین ڕادیۆی ئەو کاتی کورستان بوو، بەلام ئەو بەڕێزە بە ئاگایە ئاگای لێنەبووە، چونکە ڕادیۆکە لە هەولێر بوو!!

حزبی ڕزگاریی کوردستان ژمارە نۆبەرەی هەفتەنامەی **ڕێگای ڕزگاری** لە ١٩٩٣/١٠/١٧ دا بڵاوکردەوە، یازدە ژمارەی لێ دەرچووە، هەروەها ١٥ ژمارە لە گۆڤاری **پێشەنگی** بڵاوکردۆتەوە، بەلام ئەو بەڕێزە نەیبینیوون!!

حزبی ڕزگاری لە ساڵی ١٩٩٦ تا ئێستا بارەگای مەکتەبی سیاسی لە گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانیە، لە سەدان کۆڕوکۆبوونەوەی حزبەکان بەشداری کردووە، سەدان بەیاننامەی هاوبەشی لەگەڵ حزبەکان بڵاو کردۆتەوە، بەلام ئەو بەڕێزە لە سیاسەت بە ئاگایەو ئاگای لێ نەبووە!

حزبی ڕزگاری هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل** بڵاو دەکاتەوە، تا ئێستا ٢٠١ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، بەلام کاکی بە ئاگا لە سیاسەت ئەو هەفتەنامەیەی لە کتێبفرۆشیەکانی شاری سلێمانی بەرچاو نەکەوتووە!!

حزبی ڕزگاری ماڵپەڕی تایبەتی لەسەر تۆڕێ ئینتەرنێت دا هەیە، لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا لەسەر لیستی زەحمەتکێشان بەشداری کردبوو، ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو حزبە سەدان دیدارو هەڤپەیڤینیان لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کردووە، بەلام ئەو بە ئاگایەی سیاسەت ئاگای لێ نەبووە!!

لە ١٠-١٠-٢٠٠٦ بەرەی گۆڕان ڕاگەیەندرا، ڕاگەیاندنی ئەو بەرەیە دەنگ و سەدای زۆری دایەوە، حزبی ڕزگای ئەندامێکی دامەزرێنەی ئەو بەرەیە بوو، بەلام ئەو بەڕێزە ئاگای لەو ڕووداوە گرنگەش نەبووە!!

ئەمانەو دەیان بەڵگەی دیکە پێمان دەڵێن:

١- یان ئەو کەسە لە جیهانی سیاسەت بێ ئاگایە، بۆیە ئاگای لە حزبی ڕزگاریی کوردستان نیە.

٢-یان ئەو کەسە لەلایەنێکەوە ڕاسپێردراوە تا لەو ڕێگەیەوە خەباتی ڕزگاری چوکە پێشان بدات و هەڵوێستەکانی ڕزگاری بشاریتەوە.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە من ڕێزی تایبەتیم بۆ ئەو بەڕێزە هەیەو سوپاسی دەکەم کە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم تا ئەو چەند دێڕە بنووسم.

ڕێکار ئەحمەد

rekarahmed@hotmail.com

www.rekar.org

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com